پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تووشی ناڕەحەتی دەبوو کاتێک وەحی بۆ دادەبەزی ، ولێوەکانی دەجوڵاند

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- سەبارەت بە ئەم (ئایەتە) کە خوای گەورە دەفەرموێت: {لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ} [القيامة: 16] واتە:{زمانت مەجوڵێنە (بەخوێندنەوەی قورئان لەکاتی دابەزینی وەحیدا) بۆئەوەی پەلە بکەیت لە وەرگرتنیدا (لەبەرکردنیدا)}، (ئیبن عەباس) دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تووشی سەختی وناڕەحەتی دەبوو کاتێک وەحی بۆ دادەبەزی ، ولێوەکانی دەجوڵاند (بە خێرایی)»، (گێڕەرەوەی فەرموودەکە) دەڵێت: ئیبن عەباس پێمی ووت: من (لێوم) دەجوڵێنم هەروەکو چۆن پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەیجوڵاند، سەعید دەڵێت: من (لێوم) دەجوڵێنم هەروەکو چۆن ئیبن عەباس دەیجوڵاند، (ئەویش بە خێرایی) لێوی جوڵاند، بۆیە خوای گەورە عزَّ وجلَّ- (ئەم ئایەتەی) دابەزاند: {لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ (16) إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ (17)} [القيامة] واتە:{زمانت مەجوڵێنە (بەخوێندنەوەی قورئان لەکاتی دابەزینی وەحیدا) تا پەلەی بۆئەوەی پەلە بکەیت لە وەرگرتنیدا (لەبەرکردنیدا) (16) بە ڕاستی (وەك بەڵێنمان داوە) بێگومان لەسەر ئێمەیە کۆکردنەوەی لە سنگتدا وخوێندنەوەی (17)}، (ئیبن عەباس) دەڵێت: «خوای گەورە وا لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات هەموو بەشەکانی قورئان کۆ ببێتەوە لە دڵیدا (لەبەری بکات) وبیخوێنێتەوە»، {فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ} [القيامة: 18] واتە:{ئەمجا کاتێک کە قورئانمان بۆ خوێندیتەوە (بە هۆی جوبرەیلەوە) تۆش شوێن خوێندنەوەی ئەو بکەوە لە خوێندنەوەیدا}، (ئیبن عەباس) دەڵێت: «گوێبگرە وبیدەنگ بە، پاشان (خوای گەورە) واتلێدەکات کە بیخوێنیتەوە، بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر جبریل -علیه السلام- بهاتایە بۆ لای؛ گوێی دەگرت، وئەگەر جبریل -علیه السلام- بڕۆیشتایە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- (قورئانی) دەخوێندنەوە هەروەکو چۆن جبریل بۆی خوێندیەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تووشی سەختی وناڕەحەتیەکی زۆر دەبوو لە کاتی دابەزینی وەحیدا، بۆیە لێوەکانی دەجوڵاندەوە وئەوەی دەفەرموو کە جبریل پێی فەرموو پێش ئەوەی جبریل گەیاندنی وەحیەکە کامڵ بکات، لە ترسی ئەوەی نەوەک جبریل بڕوات ونەتوانێت لەبەری بکات، وئیبن عەباس شێوازی جوڵاندنی لێوەکانی پێغەمبەری-صلى الله عليه وسلم- بۆ قوتابیەکەی سەعید کوڕی جوبەیر باسکرد، ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئیبن عەباس سەیری پێغەمبەری خودای کردووە -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا لەو حاڵەتە بووە، وسەعیدیش بەهەمان شێوە وەسفی ئەم حاڵەتەی کردووە بۆ قوتابیەکانی، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند سەبارەت بە ئەمە ئەم ئایەتەی دابەزاند: {لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ (16) إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ (17)} [القيامة] واتە:{زمانت مەجوڵێنە (بەخوێندنەوەی قورئان لەکاتی دابەزینی وەحیدا) تا پەلەی بۆئەوەی پەلە بکەیت لە وەرگرتنیدا (لەبەرکردنیدا) (16) بە ڕاستی (وەك بەڵێنمان داوە) بێگومان لەسەر ئێمەیە کۆکردنەوەی لە سنگتدا وخوێندنەوەی (17)}، پاشان خوای گەورە دەفەرموێت: {فَإِذَا قَرَأْنَٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ} [القيامة: 18] واتە:{ئەمجا کاتێک کە قورئانمان بۆ خوێندیتەوە (بە هۆی جوبرەیلەوە) تۆش شوێن خوێندنەوەی ئەو بکەوە لە خوێندنەوەیدا}، واتا ئەگەر جبریل وەحی -سروشی- گەیاند وتەواو بوو؛ تۆ گوێی بۆ بگرە وبیدەنگ بە، پاشان لەسەر ئێمە کە بیخوێنیتەوە بەو شێوەیەی ئەو -جبریل- خوێندیەوە، ئیبن عەباس دەڵێت: بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-ئەگەر جبریل -علیه السلام- بهاتایە بۆ لای؛ گوێی بۆ دەگرت، وئەگەر جبریل -علیه السلام- بڕۆیشتایە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قورئانی دەخوێندنەوە هەروەکو چۆن جبریل بۆی خوێندیەوە.